# دنیای هەستەکانمان

ئێمە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە بە جیهانی دەوروبەرمان ئاشنا دەبین؛ هەر لە ڕێگەی هەستەکانمانەوەیە، کە دەتوانین ئاگامەندی و تەنانەت زانیاریش پەیدا دەکەین. بەڵام پرسیارەکە، یان کێشەکە لەوەدایە، کە ئایا هەستەکانمان دەتوانن گشت جارێک ڕاستەقینەمان نیشان بدەن، یان بەرەو ئاقاری ڕاستیمان ببەن. چۆن دەتوانین لەو شتانەی کە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە پێمان دەگات دڵنیابین. ئایا ئێمە لە جیهانێکی نەچەسپاودا دەژین؟ یان جیهان و شتەکانی دەوروبەرمان چەسپاو و ڕاستەقینەن، بەڵام هەستەکانی ئێمە ناتەواو کورتمەودان؟

با پێکەوە ئەم کورتە چیرۆکە بخوێنینەوە و لەم دوو وێنەیە بڕوانین و چەند پرسیاێک لە خۆمان بەین.

هەردوو وێنەکە لە سایتی گۆگلە وەرگیراوە.

« کازیوەیەکی ناوەڕاستی مانگی گوڵانە، تۆش زوو لە خەو ڕابویت و لە هەیوانی یەکێک لە کابینەکانی گوندی سویدی (سویدش ڤیلج) لە شەقڵاوە، بەرانبەر سەفین دانیشتویت. ئاسمانێکی ساماڵ، سروەیەکی فێنک سرتە لەگەڵ درەختە نەوڕەسەکانی تەلانی گوندەکەدا دەکات. پرشنگی زێڕینی خۆر لە دوندی کۆرەکەوە بەچاوی بەخومارەوە، نیگای دەشتە کەسکپۆشەکەی هەریر دەکات. جریوەی مەل نەبێت، هیچی دیکە مەنگی ئەو ئارامییە ناشڵەقێنێت.

تۆ کە زۆر شەیدای دیمەنی سەفینیت، دوێنێ وێنەیەکت بە کامێرا دجیتاڵەکت گرتبوو، ئەم بەیانییە دەتویست وێنەکە بە سەفین بەراورد بکەیت. لە مۆنیتەری کامێراکەتدا لە وێنەکە وورد دەبوویتەوە.

باڵای بەرز و سنگدەربەڕاندنی بەشکۆی سەفین. کەسکی درەختەکان. ڕەبەنی بۆیا و تەنانەت تابلۆ گەورەکەی سەر «دوکانی مام حاجی» یش هەر وەک یەکیان دەنواند!

لەپڕ سەرنجت چووە سەر سوچێکی وێنەکە، دیتت پەپوولەیەکی باڵ نەخشینیش لە وێنەکەدا دەرکەوتووە. بزەیەکت هاتە سەرلێو، بە بێدەنگی بەخۆتت گووت: «ئەو ساتەی، کە وێنەکەم گرتووە، ئەم پەپوولەیەم نەدیوە!» ئالەو ساتانەدا، کە تۆ نیگاکانت لەنێوان وێنەکە و سەفیندا شەپۆلیاندەدا، پەپوولەیەکی هاوشێوەی ئەوەی ناو وێنەکە (ڕەنگە هەر هەمان پەپوولەش بووبێت!) لەسەر زوومی کامێراکەت نیشتەوە. بۆ چەند ساتێک هەناسەت لە سینەتدا قەتیسکرد، دەتویست ئەو ساتانە تێنەپەڕن. دوای چەند ساتێک پەپوولەکە لەسەر کامێراکەوە ڕووەو سەفین هەڵفڕی. تۆ نەجوڵایت، نیگات بەدوایدا وێڵکرد، هەر سەرنجتداتا لە قووڵایی دیمەنەکەدا لەچاوت وونبوو».



- ئایا ئەو شتەی بەچاو دەیبینین، لەڕاستیشدا هەروایە؟

- شتەکانی دەروروبەرمان بەهۆی کاردانەوەی ڕوناکییەوە لە ڕێگەی چاوەکانمانەوە دەبینین؛ ئەگەر ڕووناکی نەبێت، ئایا شتەکان هەر هەن؟

- ئەی گەر ئێمە نابینا بین، ئایا شتەکان هەر بوونیان هەیە؟

- ئایا هەموو جارێک هەستەکانمان بەهەڵەماندا دەبەن؟

- ئەی هەموو جارێک هەستەکانمان شتەکان وەک خۆیان دەبینن؟ یان هەستپێدەکەن؟

- تەنها بە چاو دەتوانین گشت شتەکان ببینین؟

- هەندێک جار شتێک، یان کەسێک دێتە بەرچاویشمان کەچی نایبینین! ئایا تەنها چاو بەسە بۆ بینینی شتەکان؟

- کاتێک دەڵێین ئەسپ، با ئەسپێک، یان وێنەی ئەسپێکیش لەبەرچاو نەبێت، خۆ وێنای ئەسپ دەکەیت، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە، کە شتەکان بێ ئامادەبوونیشیان لەشوێندا، هەر بوونیان هەیە؟



لیگۆن مئن لیی و پەندێلا ڕینگۆن، لە پێشبڕکێی مەلەی ژناندا لە شەنگەهای- چین 2011/7/18 (وێنەگر کریستینا موسوچی، ئاژانسی ڕۆیتەر).



ئەو هەردوو خانمە ( خەڵکی مالیزییان) لەکاتی خۆهەڵداندا بۆ ناو ئەستێڵی مەلە.